ئەحمەد هەردی: رێبەر و نوێنەری رۆمانتیکی خود لە شیعری نوێی کوردیدا



ئەحمەد هەردی

د.کەمال میراودەلی

بەشی یەکەم: خوێندنەوەی هۆنراوەی رازی تەنیایی

سەرەتایەک

کورتەی ئەم باسە دەمەوێ بڵێم: هەردی دامەزرێنەر و نوێنەر و رێبەری راستەقینەی بەشێک یا جۆرێکی گرنگی قوتابخانەی رۆمانتیکی شیعری کوردی نوێیە: ئەویش ناو دەنێم رۆمانسییەتی خۆیی یان رۆمانسییەتی خود. جا بەر لەوەی بچمە ناو باسەکەوە پێناسەیەکی خێرای رۆمانسییەتی خود و باسی هەلوێستێکی خۆمتان بۆ باس دەکەم.

مەبەست لە رۆمانسییەتی خود یان خۆیی ئەوەیە کە بابەتەکانی خود یا واتە کێشە و خواست و خولیا و خەمەکانی ناوەوە، هی ناخ ، هی دەروون، ناوک و ناواخن و ناوەڕۆکی هۆنراوەکان پێک دێنن. دیارە دیارترین هەست و نەستێکی نزیک لە دڵ و دەروون و رۆحی مرۆڤ هەستی خۆشەویستی و ئەوین و ئەزموونەکانی تەما و تێشکانە لەو بوارەدا، بە تایبەتی لە سەردەمی گەنجێتیی پر لە نیاز و ئاواتی دروستکردنی بەهەشتی دڵداریی و خەونی ژوان و پێگەیشتنی ئەبەدی.

دەڵێم: هەردی زیاتر لە هەر شاعیریکی دی نوێنەری ئەو رەوتە رۆمانسییە خۆیی یە یە لە شیعری کوردیدا. بەر لەوەی بچمە ناو باسەکە دەمەوێ ئەوە بڵێم: پێوانەی سەرکەوتنی هەر شاعیرێک لە نووسینی شیعری رۆمانسی خۆیی دا ئەوەیە تا چ ئاستێک قووڵیی و راستیی و کاریگەریی مرۆڤانەی ئەزموونە خۆیی یەکەی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێ، بە جۆرێک کە خوێنەر وا لێ بکا نەک تەنیا نرخ و بایەخی ئەو ئەزموونەی ئەو بزانێ، بەڵکو لەگەڵیشیدا بژی، هەست بکا شاعیر هەر لەوکاتدا باسی ئەزموونی خۆیی و هەست و خرۆشی ناخی ئەویش دەکا. لەو کاتەدایە کە شاعیر دەتوانێ لەوە دڵنیا بێ کە پەیامە ئینسانییەکەی خۆی گەیاندووە، کە شیعرەکانیشی لە رووی زمان و دارشتنی هونەریی و ئیستاتیکیشەوە سەرکەوتن و تەنانەت نەمرێتیشیان بەدەست هێناوە.

بۆ نموونەی ئەمە شتێ لە سەر کاریگەری هەردی لە سەر خۆم وەک گەنجێک باس دەکەم:

لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییمدا بوو کە بۆ یەکەمجار ((رازی تەنیایی)) مامۆستا ئەحمەد هەردی — م خوێندەوە. دووبارە و سێ بارە خوێندمەوە و دوایی جارێکی تر نەمخوێندەوە، جونکە یەکسەر لەبەرم کرد. هەر ئەوە نا بەدرێژی ژیانیشم ئەو شیعرەم لەبیر نەچۆتەوە. هەر لەبەرم بووە، لە چەندین ئەزموونی دەروونیی ناخدا لەبەر خۆمەوە ئەو هۆنراوەیەم بۆ خۆم وتۆتەوە. رەنگە هەندێ جار هەناسەی سارد و فرمێسکی گەرمیشم لە گەڵدا هەڵوەراندبن! کاریگەرییەکە ئەوەندە قووڵ بوو لە گەڵم مایەوە، لە شیعری ئەوین و شکستی دڵداریی و بێهومێدی خۆیی یەوە، بوو بە شیعرێکی پر ماناتر و ئاسۆ فراوانتر و گەردوونی تر. شیعرێک کە حاڵەتی رۆحی تەنیایی و بێکەسیی و بێهودەیی هەموو کات و هەموو بۆنەیەک دەردەبرێ. دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ و ئەو کارەسات و تێشکانە نەتەوەیی مەزنە کە بە چاوی خۆم دیتم و بەدڵ و دەروون و رۆحی خۆم لەگەڵ سەدان هەزار ئاوارەی تردا ئەزموونم کرد، هەر ئەو هۆنراوەیەی هەردی بوو کە لەگەڵ هەناسەی ئاخی ئاگراوی و داخ و ناسۆری بێ ئومێدیمدا تێکەڵ بوو.. کە دوایی ئەم هەستانە وردە وردە هێمن بوونەوە و لە قەوارەی هۆنراوەیەکدا شوێنی خۆیان گرت، دەنگدانەوەی هۆنراوەی رازی تەنیایی و تیمی تەنیایی و بێکەسی و کپیی و بێدەنگیی گۆڕستانییانە لە شیعرەکەی مندا بە ئاشکرایی دەبینرێ، بە تایبەتی کاریگەریی ئەو سێکەرتییە کورتە قافیەدارانەی وەک کڵپە و ئازاری قووڵهەڵقوڵاو یان هەنسکی ناهومێدیی بە دوا یەکدا دێن:

ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پر لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی

بە غەیری باڵی غەمناکی
شەوی پر ترس و سامناکی
نییە یەک تۆزە رووناکی
نییە هەر دەنگی هیچ نایێ
لە هیچ شوێنێ لە هیچ لایێ
شەقەی باڵی شنەی بایێ!

ئەمە ئەو سێ سێ کورتە دێرانەن کە لە دوای هەر بەشێک لە دارشتنی بابەتەکەیدا هاتوون. دوایی هەموو شیعرەکە شی دەکەمەوە. هۆنراوەکەی من بە ناوی "کۆچ" دوای گەرانەوە بۆ قەلادزە دوای ئاشبەتاڵ نووسیم. لە دیوانی "سروود و دروود" دا کە لە ساڵی ١٩٨١ دا چاپ کراوە، بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەشەی دەنگدانەوە و کاریگەریی شیعرەکەی هەردی تێدایە ئەو بەشەیە کە باسی ئەو بێدەنگیی دۆران و شکستیی و بێکەسیی و بێ هیوایی یە دەکا کە لە ئەنجامی ئاشبەتاڵەوە وەک تاریکستانێکی گۆرستانیی هەموو کوردستانی گرتەوە. شیعرەکە ئاوا وەسفی ئەم حاڵەتە دەکا و دەنگدانەوەی هەناسەکانی هەردی لە دووبارە کردنەوەی وشەی (نییە) کانی ئەم کۆپلەیەدا دەبیسترێ:

ئەو زەنگەی دنیای دەوروژاند
شەپۆلی دەنگی دەباراند
ئێستاکێ زەنگی ماتییە
دەنگی کپی بێدەنگییە
جگە لە جووکەی پاساری
لە خۆلبارانی بێزاری
نییە دەنگێ
نییە هاوارێ ئاهەنگێ
نییە شەقەی باڵی هەورێ
ناڵەی شەو بەزێنی بەورێ
تەقەی تفەنگێ
تمبەی تەورێ.

بۆچی رازی تەنیایی هێندە کاریگەرە؟

بۆچی هەر ئەو هۆنراوەیە بە تەنیا دەکرێ ببێتە نموونەی راستەقینەی شیعری رۆمانسی خۆیی کوردی. ئایا پێشتر شاعیران باسی خۆیان لە شیعرەکانیاندا نەکردووە؟!

ئایا تەنانەت شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانیش پر نییە لە هاوار و داد و بێدادیی لە دەست عیشق و بێ هیوایی ئەڤین و بێ وەفایی عاشق؟

بەڵێ ئەمانە هەموو هەن و راستن. بەڵام هیچیان جگە لە شیعری مەولەوی و شاعیرانی قوتابخانەی گۆران، وەک شێوە و وەک ناوەڕۆک، وەک خولیا و وەک وشە و ستایل و دەربرین نابنە مودێل یان نموونەی دەربرِی هەموو، هەر هەموو، تایبەتمەندیی و ناسکارەکانی شیعری رۆمانسی خود— چەق و خودیار.

زۆر شیعری کلاسیکی و کلاسیکی نوێ هەیە کە باسی خودت بۆ دەکا بەڵێ: باسی خود دەکا، باسی خەم و خولیا دەکا. باسی دەکا، لە بارەیەوە دەدوێ، بەڵام دەری نابرێ، یان خودی خولیاکەی ناخ ناکا بە کەرەسەی هۆنراوەکە بە جۆرێ جیاوازیی لە نێوان هۆنراوە و هەناسەکاندا، لە نێوان دێڕ و دەردەکاندا، لە نێوان وشە و وێنەکانداو لە نێوان دەنگ و دەرووندا نامێنێ.

هەردی ئازارێکی خۆییمان بۆ ناگێرێتەوەو دەردە دڵمان بۆ ناکا.

هەردی دڵی خۆیمان بۆ دەخاتە سەر دەست. هەردی رامان دەکێشێتە ناو دڵی خۆیەوە، پێمان دەڵێ ئەوە حاڵی هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و ویژدانە. خود لێرەدا دەبێتە خاوەنی هۆنراوەکە، دەبێتە خودی هۆنراوەکە. رۆمانسییەتی خود لە مەدایە. لە مەشدایە کە هەردی دەربر و نوێنەر و دامەزرێنەری ئەو رێچکە رۆمانسییە بەهێزەیە لە شیعری کوردیدا.

جا با زیاتر لە سەر ئەمە نەرۆم با بەیەکەوە بچینە ناو جیهانی هۆنراوەکەوە، جیهانی رازی تەنیایییەوە، جیهانی خود، ناخ، دەروون، جیهانی خۆشەویستی و ترس و بێ هیوایی.

رازی تەنیایی: هۆنراوەکە

لە کورتە روونکردنەوەیەکدا بۆ ئەم هۆنراوە هەردی دەنووسێ کە لە ساڵی ١٩٥١ دا نووسیویەتی بەڵام لە شێوەی ئاوڕدانەوەیەکە لە قۆناغێکی لەوە پێشتر. واتە لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا نووسیوێتی بەڵام باسی سەردەمێکی پێشتر دەکات. خۆی بە (شیوەن) و (ئاوڕدانەوە) وەسفی دەکات. دیارە شیوەن مانای گریانە لەسەر کەسێ یان شتێکی لە دەستچووی پڕ بەها. ئاوڕدانەوەش بیرهێنانەوەی ئەزموونی رابردووە. لەوەوە هەردی ئەوە دەستنیشان دەکا کە باسی ئەزموونێکی رابردوو— و شیوەن کردن بۆی دەکا. دیارە ئەم روونکردنەوەیە خۆی لە خۆیدا ئەوەندە گرنگ نییە. چونکە ئەمە باسی شیعرەکەیە، لە کاتێکدا وەک پێشتر هێمام بۆ کرد شیعرەکە خۆی هێزەکەی لەوەدایە و بەوە نموونەیەکی بەهێزی شیعری رۆمانتیکی خۆییە کە خۆی تەواوی ئەزموونەکەیە لە زیندوویی و خرۆشانی ئێستایی ناخی دەرووندا.

هۆنراوەکە بریتییە لە سێ بەش، هەر بەشەی بریتییە لە سێ بەیت، سێ دوو دێڕی قافیەدار، لەگەڵ دێڕێکی کۆتایی لە هەر بەشێکدا کە بۆ سێ کورتە بەشی قافیەدار کەرت کراوە.

وا لێرەدا بەش بە بەشی شیعرەکە شی دەکەمەوە.

ستانزای یەکەم

(١) ژیان و ئەرکی ناخۆشی:
پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
(٢) شەرابی جامی دڵداریی،
لە کاتی لاوییا، رشتم
(٣) شەوی رۆژانی پڕ مەینەت
وەها تاریک و چڵکن بوو
(٤) نیگاری خۆشەویستی دڵ،
پەری ئاسایی، تیا ون بوو
(٥) شەوی تەنیایی، رووناکیی
چرای ئاواتی، خنکانم
(٦) دەسی ناکامی، ئاوازی
دەروونی کەیلی، تاسانم
(٧) ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پر لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی

وەک پێشتر وتم پێش هەردییش هۆنراوەی کوردی کلاسیکی و کلاسیکی نوێ و تازە زۆرە کە باسی خود و دەروون بکەن. بەڵام چ هۆنراوەیەکی دی هەیە لە حەوت دێڕدا ئەوەند وشەگەل و دەربڕینی تەم و تەنیایی و ناکامی و تاسان و حەپەسانی ناخ دەربڕێ؟ سەیری ئەو هەموو وشانەی دنیای شیعری رۆمانسی بکەن کە لەیەک بەشدا کۆکراونەتەوە:

ئەرکی ناخۆشی ژیان، کوژرانی پەپولەی ئارەزوو، رژانی جامی دڵداریی،
رۆژانی پر مەینەت، تەمی تاریک و چڵکن، ونبوونی نیگاری
خۆشەویستی دڵ، شەوی تەنیایی، خنکانی رووناکی چرای ئاوات،
دەستی ناکامی، تاسانی ئاوازی دەروون، زامی دەروون،
دەروونی پڕ لە ناکامی، چۆڵی سەرسامی
هەر ئەوەندە ٣٨وشەن.

بەڵام ئایا نەک (٣٨) بەڵکو گەر (٣٨٠) وشەی خەم و دەروون و تاسە و ژین و هاواری ویژدان و ئازار و داد، یەک لە دوای یەک ریزکەین، ئایا ئەمە ئەو وشانە دەکا بە شیعر؟ یان بە شیعری رۆمانسی؟ بێ گومان نەء. راستە زۆر گرنگە کە هەردی ئەو وشەگەلەی خەرمانی شیعری رۆمانسی هەڵبژاردوون. زمان کەرەسەی شیعرە. شاعیر هیچی تری نییە کە دنیای شیعری خۆی لێ دروست بکا وشە نەبێ. جا یەکەم هەنگاو، یەکەم هەوڵی هەر شاعیرێ بۆ دارشتنی هۆنراوەکەی دیارە: هەڵبژاردنی وشەیە. بۆیە گرنگە لە خوێندنەوەی هەر هۆنراوەیەکدا، هی رۆمانسی یا هی تر، کە یەکەم جار زۆر بە وردی، بە هێمنی و بە سەبرەوە سەرنجی ئەو وشانە بدەین کە شاعیر هەڵی بژاردوون. هەنگاوی دووەم ئەوەیە بزانین شاعیر ئەو وشانەی چۆن پێکەوە بەستوون، چۆن لێکی داون، چ جۆرە پێوەندییەکی دەنگی و مانایی و هەستیی و رێزمانیی و وێنەیی هتد، لە نێوان وشەکاندا دروست کردوون.

یەکەم هەنگاومان بۆ تێگەیشتنی هەر شیعرێک: سەرنجدانمانە لە هەڵبژاردنی وشەکانی.

دووەم هانگاو: چۆنێتیی پێکەوە بەستنی ئەو وشانەیە لە رستە و بیر و ریز و دێڕدا.

جا شاعیر ئەو هەڵبژاردن و پێکەوە بەستن و گونجاندنە بە هۆشیاری و سنعەتکارییەوە بکا، یان بەبێ ئاگایی و خۆرسکی و خۆرێژییەوە هەر وەک لە هەڵرژانی سروشێکەوە و ئیلهامێکەوە، بۆی هاتبێ، ئەوە بەلای خوێنەرەوە گرنگ نییە. چونکە ئێمە وەک خوێنەر سەیری بەرهەمە ساز و ئامادەکەی بەردەممان دەکەین. ئێمە وای وەردەگرین و، هەر واشە، کە ئەو شێوە یا ئەو دەقە کە شاعیر بڵاوی کردۆتەوە: دەق یان بەرهەمی تەواوکراوی شاعیرە و تا ئەو ساتەی ئاوا تەواوی کردووە و بڕیاری داوە بڵاوی بکاتەوە کاری لەسەر کردووە. وەک چۆن هەر پیشەسازێک کار لەسەر ئەو بابەتە دەکات کە دروستی دەکات.

دووەمیش: دەبێ ئەوەش بزانین کە شاعیریش کە دەست بە کارەکەی دەکات زۆر جار خۆشی تا تەواو نەبێت نازانێ چ شێوە و فۆرمێکی کۆتایی وەردەگرێ. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەو فۆرمەی بەدڵ دەبێ، کاری لەسەر دەکا و گۆڕانی تێدا دەکات.

ئێمە لێرەدا نازانین، هەردی ئەم هەموو وشە و دەربڕینە رۆمانسییە خەست و خۆڵانەی لە کوێوە هێناون. ئایا لە پڕێکدا وەک زادەی ئەزموونێکی ئەڤین و سۆز بەندییەوە هەڵرژاون؟ گەر وایە بۆچی لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکیدا دروست نەبوون؟ بە واتایەکی دی ئایا تەنیا ئەزموونەکە لە دایکبوونی رۆمانسیانەی کارەکەی فەراهەم کردووە؟

یان پێشتر شاعیر وەک رەوت و رێبازێک خۆی بۆ ئامادە کردووە، بە حوکمی خوێندنەوە و ئاشنابوونی بە شیعری رۆمانسی گەلانی تر، بە شێوەیەکی هۆشیارانە و تەکنیکی سنعەتکارانە ئەم رەوتەی هەڵبژاردووە؟!

من ئێستا وەڵامی قەناعەتبەخشی ئەم پرسیارە نازانم و دیارە مەبەستی ئەم باسەش نییە. تەنیا ویستم سەرنج بۆ تازەیی ئەزموونە شیعرییەکە رابکێشم. رەنگە ئێستا خەرمانۆکەی ئەم وشەگەلە رۆمانسیانە لای ئێمە کارێکی نوێ و داهێنەرانە نەبێ. بەڵام بۆ ١٩٥١ لەگەڵ وشەگەل و دەربرینەکانی تەواوی دێوانۆکە بچکۆلەو نایابەکەی هەردی شۆرشیکی رۆمانسیی بوون.

وەک پێشتر وتم لە گەڵ گرنگی فەرهەنگە رۆمانسییەکەشدا، وشە بە خڕبوونەوە شیعر دروست ناکات. گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو وشانە دەبنە خودی ئەزموونە خۆییەکە.

ئەوەی ئێستا مەبەستمە ئەوەیە شیعرەکە خۆی بهێنمە دەنگ و ئاواز، تا خۆی قووڵیی ئەزموونە رۆمانسییە خۆییەکەی شاعیرمان، بۆ بنوێنێ.

لە یەکەم سەرنجماندا لە بەشی یەکەمی هۆنراوەکە زۆری وشەکاریی ((diction ی رۆمانسیانەمان بۆ دەرکەوت. وەک وتم هەنگاوی دووەممان دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین چۆن ئەو وشانە پێکەوە کۆکراونەتەوە، ئەمەیە کە بنکاری (Pattern) ی شیعرەکە پێکدێنێ. واتە بنکار کردنی شاعیر بۆ هۆنراوەکەی و لەمەوە دروستبوونی ستراکتووری (داڕشتە) ی شیعرەکە لە جۆری مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشەکانیدا دێتە ئەنجام. چۆن دەتوانین ئەم بنکارییە شیعرییە لەم هۆنراوەیەدا بدۆزینەوە؟

لە هەر هۆنراوەیەکی لیریکی رۆمانسی دا، شاعیر بە پلەی یەکەم، سەرەکیی، گەوهەریی، باسی هەست و نەست و بیری خۆی دەکا. کەوایە بۆ تێگەیشتنی هۆنراوەکە گرنگە کە (هەست و بیریی) سەرەکی یان بە مانایەکی دی (تیمی) یان نێوباسی هۆنراوەکە دەستنیشان بکەین. ئەوسا بزانین ئەو بیر و هەستە سەرەکییە چۆن لە تەواوی هۆنراوەکەدا دەربڕدراوە و بەرەو ئەنجامێکی دیاریکراو گەشەی پێ دراوە.

بەشێوەیەکی گشتی و بەربڵاو، لە هەر شیعرێکی لیریکی رۆمانسییدا گرژییەکی دەروونی، نا ئارامییەک، بەربەرەکانی و ناکۆکییەک لە نێوان هیوا و ترسدا، خەون و تێشکاندا، ئارەزوو و ئاستەنگدا، هتد هەیە. گەر ئەو (گرژیە دەرونییە) دەستنیشان بکەین، دەتوانین جەمسەر و سەرەدەزووی تەواوی بیرۆکە و بنکاری زمانیی و هەستیی هۆنراوەکە بدۆزینەوە.

ناونیشانی هۆنراوەکە: رازی تەنیایی، خۆی تا رادەیەکی زۆر ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا دەکا. واتە بابەتی هۆنراوەکە تەنیایییە، ئەرکی هۆنراوەکەش، واتە داڕشتە و دەربڕینەکانی، ئەوەیە رازی ئەو تەنیایییە بدرکێنێ. راز واتە نهێنی، راستییە پەنهان و شاراوەکان، هەست و نەستەکانی ناوەوە. درکاندنی ئەمانە مانای دەرخستن و نواندنیانە. تا چ رادەیەک شاعیر لەم دەرخستن و نواندنەی رازی تەنیایی سەرکەوتووە، ئەمە هەڵوێست و نرخاندنی ئێمە بۆ شیعرەکە دیاری دەکات.

لە ناونیشانەکەوە بۆ دێڕی یەکەم: شاعیر لەو یەکەم دێڕەدا، (ئەو گرژییە دەروونییە) ئاشکرا دەکات کە شیعرەکە لە دەوریدا دەخولێتەوە. لێرەدا گرژی و ناکۆکی لە نێوان ژیان لە لایەک و ئارەزوو — و خەونەکانی مرۆڤ لە لایەکی ترەوە هەیە. ژیان کە لە باری ئاساییدا دەبێ ئەو دەرفەتە گەورە و گرانبەها و پڕ رووناکییە بێ کە مرۆڤ هیوا و ئارەزووکانی تێدا بەدی دێنێ. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئێمە حاڵەت و هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەمە دەبیسین:

ژیان و ئەرکی ناخۆشی،
پەپوولەی ئارەزووی کوشتم

لێرەدا ناکۆکییەکی ژیانیی و دەروونیی گەورە دەربڕدراوە:

ژیان، لە جیاتی ئەوەی ببێتە باخێکی بەرین و بە بەر کە پەپوولەی خواست و ئارەزوو تێیدا ئازادانە بگەڕێ و شیلەی بەختەوەری بمژێ، ژیان خۆی بۆتە بکوژ، لە ناوبەر. دیارە باسکردنی ژیان ئاوا بەگشتی رێک ناوەستێ. بۆیە شاعیر ژیان لە بیر و کۆزانێکی گشتیی یەوە، تایبەتی دەکا و دەستنیشانی ئەوە دەکا کە (ئەرکی ناخۆشی) ژیانە کە هەمیشە ئاوات و تاسە دەروونییەکانی دادەپەڵۆسێ. شاعیر ئەم بیرە سەرکەوتووانە لە رێگای دروستکردنی دوو دژ یان دوو لایەنی ناتەبایی و پێچەوانەیی دەردەبڕێ:

لەلایەک ئەرکی ناخۆشی ژیان
لە لایەکی تر پەپوولەی ئارەزوو

و ئەرکی ناخۆشی ژیان پەپوولەی ئارەزوو دەکوژێ.

وشەی ئەرک خۆی قورسایی و ناخۆشی و زۆرە ملێیی دەردەبڕێ. بەرامبەر ئەوە ئارەزوو، وەک پەپوولەی ئارەزوو، وەسف کراوە. واتە سەروێنەی پەپوولە، کەسێتیی و ناسکیی بوون و ژیانی پەپوولە دراوە بە ئارەزوو.

ئارەزوو وەک پەپوولەیەکی ناسک، بێ گوناە، جوان، خاوەن ماف و رەوایەتیی سروشتیی تا لە باخی ژیاندا باڵە بچووکەکانی لەم گوڵ و چڵ بۆ ئەو گوڵ و چڵە گیا لێک بدا و خۆشیی و نەشە لە سروشت دەرێنێ، بەڵام ئەمە روونادا. ژیان ئەو بەخت و تامەی ناداتێ. بەڵکو شالاوی ئەرکە سەخت و ناخۆشەکانی خۆی دەنێرێتە سەر پەپوولەکان و دڵڕەقانە دەیان کوژێ.

ئەوەی لەم دێڕەدا سەرنجمان رادەکێشێ و لە شیعری کلاسیکی جیای دەکاتەوە سادەیی زمانە کوردییەکە و وشە پەتییەکانێتی. بەکارهێنانی میتافۆری واتە سەروێنەی:" پەپوولەی ئارەزوو" ، زیاتر سادەیی و هۆکاری و ساکاری و ناسکی زمانەکە دەسەلمێنێتەوە. کەوایە لەم یەکەم دێڕەدا هەردی بناغەی یان بنکاری هەست و بیر و سەرەکییەکەی دانا: گرژیی لە نێوان هیوای خۆشی و بەختەوەری مرۆڤێکی لاوو سەختی و دژواریی ژیانی. ئەوەی لێرەدا بەکارە، باڵادەستە، کۆنترۆڵی هەست و خولیا و خەونە ئارەزوو و دەرفەتەکانی خۆشی و بەختەوەری دەکا: ئەرکە ناخۆشەکانی ژیانن. ئەو ئەرکانەن دەبنە بکەر، چالاککار، هۆکار: لە رستەی دووەمدا شاعیر بە شێوەیەکی دیارتر و تایبەتکارتر ناوەڕۆکی تراژیدیای گەنجیی خۆی دەردەبڕێ. ئەرکی ناخۆشی ژیان پەپولەی ئارەزووی کوشت؟

چۆن و کەی؟

دێڕی دووەم وەڵامی ئەمە دەداتەوە:

شەرابی جامی دڵداری لە تافی لاوییا رشتم!

سەرنجی هەلبژاردنی جوان و سەرکەوتوانەی وشەی تاف بۆ کاتی لاویی بدەن.

تافی لاویی لێرەدا زۆر گرنگە.

شاعیر لە روونکردنەوەکەیدا دەڵێ ئەم شیعرە ئاوڕدانەوە و شیوەنە بۆ قۆناغێکی پێشتری ژیانی، واتە قۆناغی لاوێتیی: کە لێرەدا بە وشەی کوردی پەتی و رەسەنی ' تاف' واتە هەرەتی، ترۆپکی، گەرمەی سەردەمی لاوێتی وەسفی دەکا. لەو تەمەنەی لاوێتیدایە کە تاسە و هیوا و خەونی خۆشەویستی دڵ و دەروون و هۆش و رۆحی مرۆڤی لاو پڕ دەکا. لەو سەردەمەدایە کە رۆحی گەنج، بە هیچ شتێک ئاسوودەیی و قنیاتی نایە و تامەزرۆی گیانی ناشکێ، شەرابی دڵداری نەبێ، بۆ نۆشینی ئەو شەرابەیە کە شەوانە خەونی رەنگاو رەنگ دەبینێ، رۆژانە هەموو ساتەکان دەبنە چاودێری دیدار، ژوان، نۆشین.

بەڵام ئەفسووس؟ ئەوەتا ئەرکی ناخۆشی ژیان، (بەردەوامی رستەکە لە نیوە دێڕی یەکەمەوەیە) ، ئەو جامی شەرابی دڵدارییە دەرێژێ. لێرەدا گرژییە سایکۆلۆژییەکە روونتر دەرکەوت: شاعیری لاو بەتەمای خۆشەویستی و دڵداری بووە، بەڵام ئەرکی ناخۆشی ژیان، ئەو دەرفەتەی لە دەستداوە، ئەو خەونە و خەیاڵەی وەک پەپوولەیەکی بێگوناهـ کوشتووە، وەک جامی شەراب قلْپی کردۆتەوە.. ئەم سەرەتایە کە بنکاری هەستیی و رێزمانیی هۆنراوەکە پێک دێنێ، حوکم بەسەر تەواوی هەست و نەست و گوزەران و شێوە ژیانی داهاتووی شاعیردا دەکات و لەمەشەوە داڕشتن و دەربڕین و مەودای لەمەودوای شیعرەکە هاوتا و نوێنەر و دەربڕی ئەو لایەنە تراژیدیی و تاریکانەی ژیانی دەبن. نە رۆژ وەک رۆژی ئاسایی دەبن، نە شەو شەوانێک دەبن کە خەو و ئارامیان تێدا تام بکرێ:

بەم چەشنە شاعیر لە گێڕانەوەی حاڵەتە پڕ ناکامە و تراژیدییەکەیدا بەردەوام دەبێ:

تەمی رۆژانی پڕ مەینەت وەها
تاریک و چڵکن بوو
نیگاری خۆشەویستی دڵ پەری
ئاسایی تیا وون بوو،
شەوی تەنیایی، رووناکی
چرای ئاواتی خنکانم
دەسی ناکامی ئاوازی دەروونی
کەیلی تاسانم

ئەم وەسفانە دیارە لە وەسفی یەکەم ((پەپوولەی ئارەزووی)) کوشتم بە هێزتر نین، بەڵام ئەرکیان ئەوەیە کە ئەو وەسفە بە هێزەی دێڕی یەکەم، بە هێزتر بکەن، بیسەلمێنن و لایەن و رواڵەتە تاریکەکانی زیاتر بۆ خوێنەر نیشان بدەن. واتە تەواوی دەور و بەرە خۆییەکە دروست بکەن و جیهانی ناوەوەی شاعیری لاو بنوێنن.

مرۆڤ لە کاتدا دەژی. ژیان چیرۆکی تێپەربوون و بەسەربردنی کاتە..

لە ئەنجامی ناکامبوونی دڵدارییەکەی شەو و رۆژی شاعیر دەشێوێن.

رۆژەکان پڕ دەبن لە تەمی تاریک و چڵکنی مەینەت کە نیگاری خۆشەویستی دڵی شاعیر قووت دەدا، وەک پەری غەیب دەبێ.

شەوەکانیش دەبنە شەوی تەنیایی کەرووناکی چرای ئاواتی ئەوینی شاعیر دەخنکێنن.

ئەو ئاوازە لاوازەش کە لەدەروونی زامدارەوە سەر هەڵدەدا دەستی ناکامی دەیتاسێنێ. مەبەستی شاعیر لە هەموو ئەمەدا ئەوەیە کە قووڵیی و سەختیی و گەورەیی کارەساتە دەروونییەکەی دەربڕێ، کە گەورەیی زەبری ژیان و چارەنووس لە بەخت و شانسی دڵداری لاوێتی ئەو نیشان بدا. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر زمانێکی سادە و رەوان و ساغ و کۆمەڵە کردار و وێنەیەکی سەرکەوتوو و کاریگەر بەکاردێنێ. کردارەکان کرداری قورس و بڕندەی کوشندەن: کوشتم ، رشتم، ون بوو، خنکانم، تاسانم. کوشتن، خنکاندن، تاساندن، رشتن و ونکردن. ئەمانە کردارەکانن، کرداری قفڵدان و کۆتایی پێهێنانن کە لەودیو و لە پاش ئەوان هیچ هیوایەک نامێنێ. وشەکانی تر، یان رستە سەروتارییەکانی، شاعیر وێنەی لێپێکهێناون. بەهێزیی وێنەکان لەوەدایە هەر رستەیەکیان لە دوو دژی هاوتا پێکهاتوون کە هەم یەکتر تەواو دەکەن (وەک رێزمان) ، هەم یەکتر رەت دەکەنەوە (وەک مانا):

ئەرکی ناخۆشی ژیان بەرامبەر
پەپوولەی ئارەزوو
تەمی تاریگ و چڵکن و مەینەت
بەرامبەر نیگاری پەری ئاسایی
دڵ.
شەوی تەنیایی بەرامبەر
رووناکی چرای ئاوات
دەستی ناکامی بەرامبەر ئاوازی
دەروون.

لەم کۆمەڵە دژە بیر و دژە وێنانەوە شاعیر وێنەیەکی تەواوی گرژییە دەروونییەکەی خۆیمان دەداتێ. چیرۆکی تراژیدیاکەیمان لە وێنەی زیندووی ناخی زامدا بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم ئەزموونە لە رابردوودا لە تەمەنی لاویتری شاعیردا روویداوە. بەڵام دیارە رانەبردووە، لە یادەوەریدا، لە قووڵاییەکانی دڵ و دەرووندا، لە کون و کەلێنەکانی بە ئاگایی و بێئاگایی هۆشدا بە زیندوویی و بڕندەیی ماونەوە. بۆیە شاعیر ئەوە دەردەخا کە باسی رابردوویەک ناکات، رەنگە رووداوەکە لە رابردوودا بووبێ، ئەم لە رابردوودا بوونە لە دەرەوە دایە، لە رووداوە بابەتییەکەدا. بەڵام شیعری رومانتیکی خودیاریی (زاتی) دەربڕی ناوەوەیە، لە ناوەوەدا کارەساتەکە نەک هەر زیندوو ، بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵ، رۆژ لە دوای رۆژ، سات لە دوای سات کاریگەریی زیاتر دەبێ. ئەو ناکامییەی دەرەوە بە شێوەیەکی دی ناوەوەی دروست کردۆتەوە، بە شێوەیەکی دی دەروونی داڕشتۆتەوە، ئەم ((هەڵگۆڕانە)) ش لە ناخی شاعیردا وەک زام، ناکامیی، تاسان، بێ هیوایی، هەر دەمێنێ و ئێستاکانی کۆنترۆڵ دەکات. بۆ دەربڕینی ئەم کاریگەرییە ناخییە بە هێزە شاعیر زۆر سەرکەوتووانە لە پڕێکا لە رەوتی کەپلێتی (بەیتی دوو دێڕی) لادەدا و دێڕە شیعری حەوتەمی کردووە بە سێ کەرتەوە. هەر کەرتەی وەک سێ زەبر، سێ پاڵنەری بەهێز، لایەکی کارەساتە دەروونییەکەی وێنە دەکات.

ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پڕ لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی.

واتە شاعیر لێرەدا دەبێتە زامێکی زیندوو بە چۆڵی سەرسامیدا دەگەڕێ.

بەر لەوەی زیاتر سەرنجی ئەم وێنەیەش بدەین، پێویست دەکا لایەنێکی دیکەی گرنگی داڕشتنی یان بنکاری هۆنراوەکە باس بکەین.

تا ئێستا سەرنجم بۆ هەڵبژارنی شاعیر بۆ وشە کوردییە پەتییەکان و رێزمانی دەرەوەی کوردیی ساغ و پتەوو رەوان و رێزمانیی هەستیی یان ناوەوەی شیعرەکە لە پێوەندیی مانایی و بیریی و وێنەیی وشەو دەربڕینەکان، راکێشا. بەڵام هیشتا هەموو ئەمانە هۆنراوەکە وەک شیعر واتە وەک ئەو کاریگەرییە دەروونیی و سۆزبەندییەی لە ئاکامدا دروستی دەکا، تەواو ناکەن. شیعرەکە وەک ئاشکرایە قافیە (رایم) ی هەیە. بەڵام لە مەش گرنگتر ئەوەیە کە هۆنراوەکە کێش واتە ئاهەنگ، ریتم و ئیقاعی ناوەوەی هەیە. هەر دێڕێکی هۆنراوەکە دابەشبووە بە دوو بەشەوە، کە دەکرێ بە جیاش بیاننووسین، هەر نیو بەشەی لە کێشی کوردیی خۆماڵیی هەشت پەنچەیی پێکهاتووە. واتە هەر دێڕەی شازدە پەنجە یا بڕگەیە:

ژی یا/ ن و ئەر/ کی نا/ خۆ
شی/ : پەپو/لەی ئا/ رەزووی/
کوش تم/ [٨X٨]

شەرا/بی جا/می دڵ/داریی/
: لە تا/فی لا/ وییا/ رش
تم [٨X٨]

شەوی/ رۆ ژا/ نی پڕ/ مەی
نەت/ : وەها/ تاری/ ک و چڵ/
کن بوو/[٨X٨]

نی گا/ ری خۆ/ شەویس/ تی
دڵ/ : پەری/ ئاسا/ ییت یا/ ون
بوو/[٨X٨]

شەوی/ تەنیا/یی، روو/
ناکیی/ : چرای/ ئاوا/تی، خن/
کانم[٨X٨]

دەسی/ ناکا/ میی، ئا/ وازی/
: دەروو/ نی کەی/ لی، تا/
سانم [٨X٨]

وەک سەرنج دەدەین جگە لەو هاوتاییە رێزمانی و مانایییەی لە رێگای دروستکردنی وێنە و بیرە دژەکان پێکهاتووە، رێزمانی راستی سازندەی رەوشی لیریکی هۆنراوەکە بریتییە لە کێش و ئاهەنگەکەی. ئەمە تەنیا لە رێگەی هاوتایی گونجاوی کێشی پەنجەیی ٨ X ٨ و قافیەکان پێکنەهاتوە، بەڵکو شاعیر زیرەکانە تەکنیکی دەنگیی تری بەکار هێناون بە تایبەتی بەکارهێنانی زەبەندو کاریگەری "دەنگزا". ئەم زاراوەیە لێرەدا لە جیاتی وشەی assonnace ی ئینگلیزی بەکاردێنم کە بۆ نیشاندانی هەبوونی هاودەنگییەکی، بە دەنگی یا پیتی دەنگدار (بزوێن) vowel دروستکراو، بەکاردێ. مەبەستم لە دەنگزا ئەوەیە دەنگەکان لە ناو وشەکانەوە دەزێن، دەبن، هەڵدەچن ، دەنگ دەدەنەوە. بە تایبەتی لە رێگای کاری ریتمی ناوەوەی پیتە دەنگدارەکان. کە سەیری ستانزا، یان خشتەی یەکەم بکەینەوە و بە دەنگی بەرز بۆ دەرخستن و چێژ لێوەرگرتنی بەها دەنگییەکانی دەیخوێنینەوە، نرخ و رۆڵی بەهێزی دەنگزاو دەنگدانەوەمان بۆ دەردەکەوێ. دەنگزاکان لە دەنگی بزوێنی vowel درێژی/ ئا/ و /ئیی- یی/ یان /ئا/ و /ئوو- وو/ ، یان /ئە/ و /یی/ دروست بن. گەر هەر بە دابڕاویی و بە جیاش ئەم دەنگە لێکدراوانە بە دەنگی بەرز دووبارە بکەینەوە دەنگێکی چەشنی ناڵە یان هاواری ئازار دەبیسین:

ئا- یی ئا- یی ئا- یی
ئە-یی ئە-یی ئە-یی
ئە-وو ئە-وو ئە-وو
ئا- وو
ۆ/یی

تەواوی ئاوازی ستانزای یەکەم لە سەر تێکهەڵکێشی مۆسیقیی ئەو دەنگە ئۆمنۆتۆپییانە هەڵچنراوە. بەم چەشنە:

(١)/ **ییا- وو/ / ئە-یی/ /**
ئا-ۆ-یی/ /ئە-وو/ /ئا-وو/
(٢) **ئە-ئا-یی/ /ئا-یی/**
/ئا-یی/ /ئا-یی/ /ئا-یی-یا/
(٣) **/ئە-یی/ /ۆ-ئا-یی/ /ئە-**
ئا/ /ئا-یی/ /و-وو/
(٤)**/یی-ئا- یی/ ۆ-یی/ /یی/**
/ئا-ئا-یی/ ئیا/ /وو/
(٥) **/یی/ /ئا-یی/ /وو-ئا-**
یی/ /ئا/ /ئا-ئا-یی/ ئا/
(٦) **/یی/ /ئا-ئا-یی/ / ئا-**
ئا-یی/ /وو-یی/ /یی/ /ئا-ئا/

زۆربەی دەنگەکان وێک دەبینین دووبارە کردنەوەو پێکسازیی/ ئە-یی/ و /ئا-یی/ ن کە ناڵەو قووڵیی و درێژبوونەوەی ژان دەنوێنن و ساز و ئاوازی تەنیایی و بێهومێدیی بەرجەستە دەکەن. جگە لەمەش لە پاڵ رایمی کۆتاییدا، چەند رایم یان نیمچە رایمێکی ناوەوە دروست دەکەن وەک:

(١) **نوو ، پەپوو، ئارەزوو**
(**ژیان و ، پەپوولە، ئارەزوو**)
(٢) **ئابیی،ئامیی،ئاریی،ئ افیی،ئاویی**
(**شەرابیی، جامیی، دڵداریی، تافیی، لاویی**)
(٣) **رۆژا، وەها، تا**
(**رۆژانی، وەها، تاریک**)
(٤) **فریی، تیی، پەری، سایی، تیی**
(**فریشتە، خۆشەویستیی، پەری، ئاسایی، تییا**)

هەموو ئەو تەکنیکە دەنگییانە رێزمانی هەستیی مۆسیقیی شیعرەکە پێکدێنن. وەک شیعرێکی لیریکیی، واتە شیعرێک کە تێکهەڵکێشی مۆسیقا دەبێ و دەکرێ بە گۆرانی، رێزمانە مۆسیقییەکە دەوری سەرەکی و زاڵی هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بەرچاوگرتنی (ئیعتیباری) مۆسیقای شیعرەکەو گونجاندنی بۆ کەرەسەی عاتیفی شیعرەکە، لە بەرچاوگرتنی رێزمانی وشەریزیی گرنگتر و لەپێش ترە. بۆیە سەیر دەکەین شاعیر پیرێزەی (فرەیزی phrase) :" ژیان و ئەرکی ناخۆشی" بەکاردێنێ. دیارە لە رووی داڕشتنی رێزمانییەوە ئەوە دروستتر و مانا روونتر دەبوو کە بیوتایە: ئەرکی ناخۆشی ژیان پەپوولەی ئارەزووی کوشتم. بەڵام هەوڵ بدە شیعرەکە ئاوا بخوێنەوەو لەگەڵ داڕشتنەکەی شاعیر خۆیدا بەراوردی بکە: سەیر دەکەی ئەمە بنکارە مۆسیقییەکەی تێک دەدا. وتنی: " ژیان و ئەرکی ناخۆشی" خۆشتر و مۆسیقی ترە لە وتنی "ئەرکی ناخۆشی ژیان" و لەمەوە گرنگیی و لەپێشیی رێزمانە هەستییە مۆسیقییەکە زیاترە.